**ڕاڤە**

ڕەگەز ڕەشید هەفتانە دەینووسێت



1

# خێرایی هەواڵ، پیشەیی گەیاندن

**جیهان به خێرایی له گۆرانكاریدایه.. له داهاتوودا چیتر بەهێزەکان،ئەوانه لەناو نابەن كه لاوازن، بەڵكو خێرایی، خاو لەناو دەبات. ..................ڕۆبێرت ماردۆخ**

قسەكردن لەسەر هەواڵ وەك یەكێك له ڕەگەزه گرنگەكانی ڕۆژنامەگەری، بیٚ قسەكردن لەسەر خێرایی گەیاندن خۆی به ناكامڵی تەفسیر دەكات، به چەشنێك خێرایی له گەیاندن، وێڕای ئەوەی پیشەیی بوون له كار پیشاندەدات، سەرەوەری بۆ ئەو مینبەرەش تۆمار دەكات كه هەواڵەكەی لیٚ دێته بلاڤبوونەوه. ئەمەش ئەو میكانزمەیه كه باشترین كەناڵی ڕاگەیاندن كاری لەسەر دەكاو خێرایی له گەیاندن دەكاته ناونیشان و پێناسەی خۆی.

ڕەنگه من كۆك بم لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ڕۆبێرت ماردۆخی ڕۆژنامەنوسی به ڕەگەز ئوسترالی، كه پێی وایه (ڕاگەیاندن وەكو ئەو ژەمه سەرپێییەی لیٚهاتووه، كه خەڵكی لەكاتی جوڵه جوڵەكانیاندا بەكاری دەهێنن، وەك سەیر كردنی و بینین و وەرگرتنی هەواڵەكان، ئەمیش لەو كەنالآنه كه دەتوانن به خێرایی بیگەینن)، ئەمەش وادەكات، بەهێزی له دونیای ڕاگەیاندنی ئێستادا، خێرایی گەیاندن بێت.

ئەو پێش بڕكێیەتییه له گەیاندنی هەواڵ، بەتەنها ئەو كەناڵه ڕاگەیاندنانه كاری لەسەر دەكەن، كه دەیانەوێت ببنه

جێگای باوەڕو زۆرترین وەرگر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. بۆیەش دەبێت خەڵکی (بەتایبەت دام دە دەزگاکان) لەوە تێبگەن کاتێك رۆژنامەنووسێك دەیەوێت بە خێرایی هەواڵێك بگەیەنێت، ئەوا پیشەیی بوونیە لە کاری رۆژنامەگەری، نەوەك رکی رۆژنامەنووسە لەو دەزگایە (وەك چۆن زۆرێك لە دەزگاکان وای تێگەیشتوون)، خۆ زۆریش راستە، ئەگەر ئەو رۆژنامە نووسە بەو کارە هەڵنەستێت و دەستپێشخەری گەیاندنی نەکات،ئەوا کەناڵێکی تر هەوڵی گەیاندنی دەدات. بەو واتاییەی ئەمڕۆ کەس چاوەڕێی کەناڵێکی تایبەت ناکات بەڵکو وەك گۆڕینی کەناڵەکانی سەتەلایت و کردنەوەی سایتەکانی هەواڵ، مرۆڤ لە چرکە ساتێکدا بەدوای زۆرترین زانیاری دەگەڕێت، ئاواش دەبێت رۆژنامەو بلاّوکراوەکانی نووسین ، خۆیان خێرا بکەن لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری. بیّ ئەو میکانزمە خێراییە، بیّ پیشەیی بوون لە گەیاندن، متمانە لە دەست دەداو لە دواجاردا بەجیّ دەمێنێت.

جا ئەگەر گەیاندن  ئامرازێك بێت بۆ نزیك کردنەوەی کلتورەکان لە یەکتری، ئەوا بەدواداچوون بۆ هەواڵ. راڤەو تەفسیر کردن، ئامرازێکی دیکەی دونیای راگەیاندنە، بە پشت بەستن بە حالەتە دەرونییەکانی کۆمەڵگە، فەرهەنگ و کلتور، دونیای سیاسی و ئابووری، و دواجاریش پێشهاتەکان، خۆی نمایش دەکاتەوە.

ئەوی سەرەوم گشتی بۆ ئەوە بوو، خوێنەر لە گرنگی خێرایی هەواڵ و بەدوا داچوونی ئەدگارەکانی بگات. بەڕای ئێمە،ئەوەی پڕوپاگەندە درووست دەکات، ئەوەی دەبێتە هۆی لکەدار کردن و ناو زراندنی ئەم و ئەویتر، غیابی بەدواداچوون و شی کردنەوەی هەواڵە. بۆیەش هەوڵ دەدەین لە  رێگەی ئەو پەنجەرە بچوکەوە، هەرجاریّ و لەبەردەم گەرمترین هەواڵەکانی هەفتە بوەستین. چونکە پێم وایە ئەوەی دواجار شوناسی پیشەیی بوون دەداتە راگەیاندن، لەدەروەی راستگۆیی هەواڵ، جورئەتی قسەکردن و رەخنەو بەدوادەچوونە.

r_ragaz@yahoo.com